# ڕابەرانی کرێکارانی نەوتی عێراق هەڕەشەی گرتنیان لێ دەکرێت!

لە ڕێگای ڕۆژنامەی کرێکاری سۆسیالیست Socialist Worker سەر بە پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی بەریتانیاوە، ڕاگەیاندراوە کە چوار کەس لە ڕابەرانی کرێکارانی نەوتی عێراق لە لایەن دەوڵەتی مالکی هەرەشەی گرتنیان لێ دەکرێت، بە دەلیلی ئەوەی لە بەرواری 04-06- 2007 مانگرتینی گشتی یان ڕاگەیاندووە. لە بەر ئەوەی نوێنەرانی کرێکاران لە 16 ی ئایار لە گەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالکی کۆبوونەوە و 16 داخوازی یان پێشکەش بە دەوڵەت کرد، لەوانە: زیاد کردنی کرێ، تەندروستی، گۆرینی یاسای نەوت، هەروەها گۆرینی بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیای پیپلاینی باشور. بەڵام ئەوان لە بەلێنەکانی خۆیان پاشکەزبوونەوەو هیچ لە داخوازی یەکانی کرێکارانیان جێ بەجێ نەکردوە .لە سەر ئەم بناغەیە فیدراسیونی کرێکارانی نەوتیش بریاری مانگرتنی گشتی یان راگەیاندووە.

ڕۆژی سێ شەمە سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالکی هەرەشەی توندی نارد بۆ کرێکارانی مانگرتوو، هەرەشەی ئەوەی لێکردوون هەر کەسی "تێک و پێکدانی دەستی ئەنقەستی ئابووری " بکات تووشی سزای توند دەبێتەوە لە لایەن دەوڵەتەوە. بە تایبەتیش هەرەشەکەی بۆ سەر حەسەن جومعەیە کە یەکێکە لە رابەرە هەرە دیارەکانی فیدراسیونی کرێکارانی نەوت لە باشووری عێراق.وە سێ ڕابەرەکەی تریش کە سەر بە هەمان فیدراسیۆنن.

حەسەن جومعەش لە لێدووانێکی دا گوتی "حکومەت هەرەشە لە یەکێتی یە کرێکاری یەکان دەکات، بەڵام ئێمە سوورین لە سەر مافەکانی خۆمان "هەروەها لە درێژەی قسەکانی دا دەڵێ "مانگرتنەکە دەبێت بەردەوام بێت بە پێی رێکەوتنی پیلانی یەکێتی یە کرێکاریە یەکان (نەقابە)

مانگرتنی کرێکارانی نەوتی باشوور پێویستی یان بە هاوپشتیەکی بە هێز هەیە لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی سەرکەوتن بە دەست بێنن بە سەر دەولەتی مالکی و داگیرکەرانی ئەمریکا، کە تەواوی سەروەت و سامانی عێراق لە ژێر دەستی ئەواندایە و هەر ئەوانیش بۆ خۆیان بە کاری دێنن و کرێکاران و تەواوی رەنجدەرانی عێراق لە باشوورەوە بۆ باکوور لێی بێ بەشن.

بە تاک یان بە کۆمەل،لە هەر کەنالێکەوە بۆتان دەکرێت ئەم هاوپشتی یە نیشان بدەن : بە نووسینی نامە بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق، وەزیری نەوت، سەفارەتەکانی عێراق لە دەرەوە. یاخود پێکهێنانی کۆمیتە و لیژنە بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ خۆپیشاندان لە بەردەم سەفارەتەکانی عێراق...هتد.سەرکەوتنی کرێکارانی نەوت لەم نەبەردە چینایەتی یەدا، ئاسۆیەکی گەش دەکاتەوە لە بەردەم کۆمەڵگای عێراق لە سبەینێ دا.